کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

27-6-2007 14:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بە بەڵگەوە بۆ نوسەرێکی دوانزە ساڵە کە لە تفەنگیی یەکگرتوو وە وە سێرەی گرتوە ... عەبدول قەرەگۆلی

abdull_qeregoli@yahoo. se

برای بەڕێز کاک سوهەیب جەمیل عەلی، بۆ جارێکیتریش داوات لێدەکەم کاتێک کە ڕەخنەت گرت بەر لە ڕەخنەگرتن جارێکی تر بەسەر نوسینەکانتدا بچۆرەوە هەر لە خۆتەوە تفەنگ بە تاریکیەوە مەنێ، خەڵکیش بە ناڕاست و تەشهیر چی ناو مەهێنە، وەک جەنابت دەڵێت گوایە زیاتر لە (12) ساڵە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەیت، پێشنیارم بۆ جەنابت ئەوەیە تا ئەم دوانزە ساڵەت بەفیرۆ نەچێت باشتر وایە کاتێ زانیاریت لە بوارێکدا نەبوو یان لە مێژووی پارتێک بە ئاگا نەبوویت خۆت مەکە بە پارێزەری، چونکە دڵنیابە سەرکەوتنت تاسەرنابێت، بەڕێز خۆزگە ئەوەندە لە زەڕەبینی تەسکی یەکگرتووی ئیسلامیەوە نوسینەکانی منت نەدەخوێندەوە،



کاکی بەڕێز، من چ بکەم یان چۆن بنوسم بۆ ئەوەی جەنابتان بە تەشهیرچی لێم تێنەگەن ونوسینەکانم بە کەف و کوڵ ناونەبەن؟؟

1- کەسێک کە خۆی بە نوسەر بزانێت بەڵام نەزانێت کابینەی سێیی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن هاتووەتە بەرهەم!!! لێم زویرمەبە هەرکەس نەک نوسەر خوێنەریشبێت دەزانێت کابینەی سێ لە ئەنجامی خیانەتی (31 ی ئابی) سالی (1996) دا هاتووەتە بەرهەم کە ئەمە مەبەستی منە لەو خیانەتەی باسی دەکەم، ئینجا من بڵێم چی یان ئەوەتا جەنابت لە چاویلکەی پارتەکەت (31 ئاب) بە خیانەت نازانیت؟؟ یان بێ ئاگایت لە ڕوداوەکان؟؟

سەیردەبێت ئاگات لە بەشداری پارتەکەت نەبیت لە کەیەوە بوون بە شەریکە دەستەڵات لە کوردستاندا؟؟زۆر بە عەودالْیەوە دەپرسیت کام خیانەت،

2-کاکی برا ئەوە من نیم یەکگرتوو و ئیخوان دەخەمە یەک تای تەرازو، بۆیە تکا دەکەم جارێکی تریش بەوردی بەسەر نوسینەکانتدا بچۆرەوە، با نەکەویتە هەڵەوە، هەر هیچ نەبێت لێدوان و چاوپێکەوتنەکانی ئەمینداری پارتەکەی خۆت بخوێنەرەوە کاتێک وەڵامی ڕەخنەیەک دەدەیتەوە،

لێرەدا چاوپێکەوتنێکی ئەمیندارەکەت بۆدەهێنمەوە، کە ئەوە، ئەوە دەڵێت ئێمە زادەی فیکری ئیخوانین، لە سەحراو بیابانەکانی عەرەبستانەوە هاتووین نەک من، گومانم لەوە نیە کە جەنابتان کەسێکن لە و هەزاران کەسانەی بە دروشمە زل و ووشە بریقە دارەکان هەستە نەتەوایەتیەکانتان ختوکە دراوە،

فەرموو بزانە سەلاحەدین بەهائەدین چۆن دەدوێت بۆ ئەم ڕاستیە!!

سەلاحەدین موحەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (بەنی شەفەقی) تورکیدا دەڵێت،

(لەڕاستیدا بزافەکەی ئێمە شێوەیەکی ڕێکخستنی برایانی موسڵمانە و ڕەگ و ڕیشەیشی بۆ ساڵانی (1950) کان دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی فیکری برایان گەیشتە عێراق، وردە وردە بە ئێمەش گەیشت)

ئەوە نیە ئەمینداری گشتی پارتەکەت دەڵێت ئێمە زادەی فیکری (حەسەن بەنا و سەید قوتبین) ؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

27-6-2007 14:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هیوادارم کاک سوهەیب چیتر بوختان بۆ من و خەڵکی تریش هەڵ نەبەستێت یان نوسینەکانم بە تەشهیرچی و ناوزڕاندن لەقەلەم نەدات، چونکە ئەوەی کە من نووسیومە ڕەنگدانەوەی بەڵگەکانە نەک ڕەخنەی بێبەڵگەو دوور لە ڕاستی کەتۆ لێکی دەدەیتەوە، گومانم لەوە نیە کە ئێوەش هەمان کەلتوور و فەرهەنگی پارتە دەستەڵاتدارەکانی دنیاتان گرتوە، کاتێک کار دەگاتە سەر ڕەخنە گرتن لێتان ڕەخنەگران بە گێرە شێوێن و تابوری پێنج و جاش و خائین و بەکرێگیراو ناو دێنن و بە دووریش نازانرێت فایلیان بۆ دروست بکەن،

کاک سوهەیب بەبێ ئەوەی ڕابوردوی من بزانێت، دەڵێت (باوەڕناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تەپۆڵ کەیەک خۆت قایم کردبێت و فیشکێکت بە سەربازێکی ڕژێمەوە نابێت)

لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم کاک سوهەیب لەو پەڕی بەهێزی بەعسدا کە دەیانی وەک ئاغاکانی ئێخوان پشتگیریان لێدەکرد و کۆمەک و پیتاکیان بۆ کۆدەکردەوە، سەنگەرم لە بەعسی دووژمن بە گەل و نیشتیمانەکەم گرتبوو، ئەوکات ئەمینداری گشتی یەکگرتوو وەک مەلا کرێکار لە سیمینارێکی پالتۆلکدا دەڵێت، (سەلاحەدین بەهائەدین سایەقی ئیڤای سەربازی بوو گوولە تۆپی بۆ بەرەکانی جەنگ دژ بە ئێران دەگوازتەوە)

کادرە هەڵاتووە کانی ئیخوان لە ئۆردووگاکانی ئێراندا خواردن و ئازوقەی هاتوو بۆ ئۆردوگاکانیان دابەش دەکرد،

لە سەردەمی شاخدا کە میلەتەکەمان پێویستی بە تاکێکی کورد بوو بۆ خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوایەتیی ئیخوانەکان سەرگەرمی سڕینەوەی هەستی نەتەوایەتیی خێزان و منداڵەکانی ئەو کەسانە بوون کە سەنگەریان لە ڕژێمی بەعسی فاشیست گرتبوو... 2007/6/26

تێبینی.

ئەو وتەیەی کاک (سەلاحەدین بەهائەدین) لە نوسینێکی بەڕێز کاک (ئیسماعیل ئیبراهیم ڕەواندزی) وەرم گرتووە، لە سایتی هەڵوێست.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.